# خۆکوژی ژنان





# خۆکوژی

بریاری

# "تاکە"کانە

# یا

# خەسارێکی

## کۆمەڵایەتی

ن:"مهین دخت سباح"
و: لە فارسییەوە:عەلی بداغی

تیۆری دەروونناسانە دەڵێ: خۆکوژی لە نیشانەکانی ئالۆزیو تێکچوونی دەروونییەو مرۆڤ تەنیا لە حاڵی شێواوی دایە کە پەنا بۆ خۆکوژی دەبا. فرۆید لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو کەسەی خۆی دەکوژێ لە غەریزەی عەشقو خۆشەویستی چۆڕاوەتەوەو غەریزەی نەمانی لە باوەش گرتووە.

تیۆری کۆمەڵناسانە بە پێشەنگی "ئیمیل دورکیم" ئاماژە بۆ قەیرانو لێك ترازانە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن کە دەبنە هۆی ڕمینی کۆشکی هیواو خەونەکان. دورکیم باسی ئەوەی دەکرد کە ترازانو لە بەر یەك هەڵوەشانی بنەما ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا ڕێگای خۆ کوژی بە تاکەکان خۆش دەکەن.

ژیان شتێکی شیرینە، هەڵێکە ناگەرێتەوەو مەرگیش ئەگەرچی چارەنووسێکی ئاشکرایەو دەبێ هەر روو بدا بەڵام تا بڵێی تاڵە جا بە هەرشێوەیەك بوو بێ.

"ئەریك فرۆم" فەیلسوفو کۆمەڵناسی بە ناو بانگ دەڵێ: مرۆڤەکان وەك هەموو گیانلەبەرێکی مەمکدار ژیان خۆشەویستن و بەردەوام لە مردن رادەکەن. تۆمەز مرۆڤ دەسەلاتێکی نیە لە بەدی نەهاتنو لە دایك بوونی خۆی دا بەڵام چی لەگەڵ دەکرێ کە ژیانی ڕازاوەو پڕ بایەخ لە گێژاوی گرفتاریو گرژیەکانو گوشاری خەمەکانی تاك گشتی دا ڕنگ دەدورێنێو جوانییەکان کاڵ کاڵ دەبێتەوە، تا ئەو جێیەی کە مرۆڤ بە ئیرادەو بە دەستی خۆی گیانی لە خۆی دەستێنێ. قسە لە خۆکوژی دەکەین. خۆکوژی پرسێکی کۆمەڵایەتییە یان تایبەتی"تاکە" کان؟ ئایا پێوەندیی بە ڕەگەزو نژاد، هەژاریو دەوڵەمەندی، باوەڕ ئایینو ئەخلاقییەکان یان بە تەمەنو کارو داهاتەوە هەیە؟

لە سەدەی هەڤدەیەم بەم لاوە بوو کە کۆمەڵێك بیریاری ڕۆژئاوا خۆکوژییان وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خستە بەر باسو ئامارەکانی پێوەندیداریان بە پێی گرووپو توێژەکانی کۆمەڵگا کۆ کردەوەو کەوتنە توێژینەوەو لێکدانەوە لە سەریان.

لە ڕەوتی گۆڕانی زانستی کۆمەڵناسی دا"دورکیم" یەکەم بیریار بوو کە خۆکوژی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خستە بەرباسو کەوتە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لە پانتاییەکی زۆر بەرفراوان دا کە ئێستاش وەك یەکەم سەرچاوەی ئەم بوارە گرینگی تایبەتی هەیە. بۆ وێنە ئەو قامکی لە سەر قەیرانو لێك ترازانە کۆمەلایەتییەکان دانا کە دەبنە هۆی ڕمانی کۆشکی هیواو خەونەکانی مرۆڤ." دورکی" دەیگووت: ترازان ولەبەر یەك هەڵوەشانی بنەما ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا ڕێگا بۆ خۆکوژی تاکەکان خۆش دەکەن. ١

"دورکیم"خۆکوژی ئاوا پێناسە دەکا: خۆکوژی مەرگێکی ئاگایانە بە هۆی کردەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی مرۆڤەو ئاکامەکەشی سڕینەوەی ژیانە.

## تیۆرییەکانی شرۆڤەی خۆکوژی

لە سەدەی نۆزدە دا دوو قوتابخانە لە مەر شرۆڤەی خۆکوژی دا لە بەرامبەر یەك دا وەستان، یەکیان تیۆری دەروونناسەکانو ئەویتریان تیۆری کۆمەڵناسەکان بوو."ئیسکیرۆل" پێشەنگی قوتابخانەی یەکەم، خۆکوژیی وەك یەکێك لە نیشانەکانی تێکچوونی دەروونی دەزانیو دەیگووت مرۆڤ کۆتایی بە ژیانی خۆی ناهێنێ مەگەر لە کاتی شێوانو شێوازی دا و تاکی خۆکوژو بکەر، خۆی قوربانی تروپکی هەڵچوونەکەیەتی کە بە جێ ئینتمای بۆ کۆمەڵگا بە لای خۆیدا بە ناخی خودی بکەردا دەشکێتەوە. تیۆرییەکەی دیکەی هی فرۆید کە دەڵێ: ئەو کەسانەی پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن لەوانەیە لە ڕیزی ئەو نەخۆشە دەروونییانە بن کە بۆشو چۆڕانەتەوە لە هەستی خۆشەویستیو، هەستنی مەرگ ویستی باوەشی بۆ قوتدانی بکەر کردۆتەوە. خۆکوژی لە ڕوانگەی "دورکیم"ەوە لە دوو دواسنووری "هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی و تاك خوازی"دا ڕوو دەدا.

"سی ڕاین میلز" لە بەرهەمە پڕ بایەخو بەناوبانگەکەی "بەڵێنیی کۆمەڵناسی" دا باس لە یەکێك لە سەرەکیترینو بەربلاوترین پێناسەکان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکاو سووورە لە سەر ئەوەی کە کاتێك گرفتێك کاریگەری هەبێ لە سەر بەشێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵك دەبێ بۆ بەر ئەوەی تاکەکان و لە وێشەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئوولگو کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسییەکان

کۆمەڵگا بڕوانین. لە ڕوانگەی ئەوەوە لە جێ دا هەبوونی کێشەی دیاردەیەك لە کۆمەڵگا دا پڕ ئازار بوونو جێی هەژموونی ئەو دیاردەیە بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵکە.

**پێگەی خۆکوژی لە ئایینەکان دا:**

خۆکوژی لە زۆربەی دینەکان دا بە شتێکی ناحەزو ناشیرین ڕەنگ دەداتەوەو بۆ وێنە لە ئایینی ئیسلام دا بە شتێکی حەرام ناوبراوە. لە یۆنانو ڕۆمی کۆن دا خۆکوژی بە تاوان دادەندراو تەرمی بکەر دەکەوتە بەر بی حورمەتی پێکردنو دەشێوێندرا. بۆ وێنە دەستی ڕاستی خۆکوژیان لە لەلشی جیا دەکردەوەو لە شوێنێکی دیکە دەیان ناشت.

خۆکوژی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دا:

خۆکوژی وەك ڕاستیەکی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگایەك دا بوونی هەیەو پێشکەوتنی کلتوورو شارستانییەتەکان نە تەنیا لە ئاماری دیاردەی خۆکوژی کەم نەکردۆتەوە، بەڵکوو مرۆڤ ئەو سەردەمە دەبینێ کە ئەو ڕێژەیە بەردەوام لە چوونە سەر دایە. تەنانەت جاری وایە گرووپە سێکسیە جۆراوجۆرەکان کە لە دەیەکانی ڕابردوودا سەریان هەڵداوەو گەشەیان کردووە بە کەڵك وەرگرتن لە کەرەسە گەلێکی وەك ئینتێرنێت بڕیاری خۆکوژی بە کۆمەڵی موریدو شوێنکەوتووەکان خۆیان داوە. بەو حاڵە ئەگەر دەرکەوتەی جوغرافیایی وادەی خۆکوژی لە کۆمەڵگا جیاجیاکان دا بەر چاو بگرین، بە پێی ئامارەکانی بەر دەست زۆرترین ڕێژەی خۆکوژی لە ئامریکای باکوورو وڵاتی کانادا بووەو کەمترینی ئەو ڕێژەیەش لە وڵاتانی ئەفریقایی بیندراوە بە تایبەت لە میسر وەك خاوەنی لانیکەمی ڕادەی خۆکوژی لەو وڵاتەدایە، بەو پێیە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ڕادەی خۆکوژی لە وڵاتانی پێشکەوتوو زور زیاتر بەرچاوترە لە وڵاتانی گەشە نەسەندوو. هۆکارە سەرەکیەکانی خۆکوژی لە وڵاتانی پێشکەوتوو، تەمەنو ڕەگەزە. بۆ وێنە ئامریکا خۆکوژی وەك نۆهەمین هۆکاری مەرگ لە تەواوی تەمەنەکان و سێهەمین هۆکاری مەرگ لە گرووپی تەمەنیی ١٥تا ٢٤ ساڵە. ژنان زیاتر لە سەێ بەرامبەری پیاوان پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن بەڵام ڕێژەی ئەو پیاوانەی لەو کردەوە خۆکوژیانە دا سەردەکەونو گیانیان لە دەست دەدەن لە ژنان زیاترە. لە زۆربەی وڵاتانی دوور لە گەشە ڕێوشوێنی ژیان بەرەو مۆدێرن بوون دەچێ و لە ژێر کارێگەریی پێشەیی بوون دا دیاردەیەکی شارنشینی، واستی هاوسەنگی کلتووری، و ڕێژەی کۆچو بێکاری دەچێتە سەرێ، پێکهاتە

نەریتییەکان دەگۆڕێنو ئەوانە لەگەڵ خۆیان زۆر گۆڕانو هەڵچوونو ئاڵۆزی بەرهەم دێنن کە زۆر جار گوشارەکەی کردەوەی خۆکوژی لێ دەکەوێتەوە.

**هۆکارەکانی پەنا بردنە بەر خۆکوژی**

لێکۆڵینەوەو بە دوا دا چوونی زۆر، لە بواری دەرخستنی هۆکارەکانی پەنا بردنە خۆکوژی سێ لایەنی دابەشکراوی لێ کەوتۆتەوە:

١ـ تێکچوونی دەروونی ٢ـ نەخۆشی جەستەیی ٣ـ کێشەی کۆمەڵایەتییەکان.

لە دابەشکردنی گرووپی یەکەم واتا تێکچوونی دەروونی جەخت لە سەر خەمۆکی ئەلکولی بوونو گیرۆدەیی بە (اعتیاد کراوە لە بواری نەخۆشییە جەستەییەکان دا ئاماژە بە تووشبوونی شێرپەنجە لە هەموو جۆرەکانی، تۆمورەکانو نقوستانی وەك هۆکاری پەنابردنە بەر خۆکوژی کراوە. لە بواری کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش دا پەراوێز کەوتنەوە، مەینەتی جۆراوجۆر، تەڵاق، هەژاری، بێکاریو نایەکسانی وەك هۆکاری گرینگی هەوڵ دان بۆ خۆکوژی باس کراوە. بەو حاڵەتەش تێکەڵاوێك لە چەند هۆکاری خۆیی دەتوانێ ئەنگیزەی خۆکوژی بداتە دەستی تاکی بکەر."دورکیم" جۆرەکانی خۆکوژی بە چوار دەستە دابەش دەکا: خۆکوژی خۆ خوازانە، خۆکوژی ئەوی دی خوازانە، خۆکوژی ئانۆمیك(بێ ئامانجو پوچ گەرایی)و خۆکوژی چارەنووسازانە.

لێکۆڵینەوەیەك لە پێوەندی خۆسووتاندنی کچان، چارەنووسازانە بوونی ئەو کرەوەیە لە لایەن کچانو ژنانەوە دەردەخا کە کردەوەیەکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کچانو ژنانی کۆمەڵگای پیاو سالار یا باوك سالاری ئێمەدا. ئەوان ئەگەر بە دوای ئەو خۆکوژییە نامێننو گیانیان لە دەست دەدەن، بەلام بە بەخت کردنی ژیانو گیانی خۆیان پلار لە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی ژینگەکەیانو کۆمەڵگاکەیان دەگرن.